# (كادەك) هاوپەیمانی تازەی ئەمریكایە یان . . !!!!!

هشام ئاكرەیی

نەگۆڕی لە سیاسەتدا دەستەواژیەكە لە ناو فەرهەنگی سیاسی ئەمریكادا هەبوونی نیە و بەجۆرەی پێویستی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆی، ئەمریكا سیاسەتی دەگۆڕێت و پەیمان گرێدەدات. ئەوەی سوور بۆ لەسەر سیاسەتی نەگۆڕین تاوەكوو ئێستا، (پ. ك. ك) ی جاران بۆ (كادەک) ی ئێستا. ئەگەر تاوەكوو بەر لە هەلگیرسانی شەڕی نێوان لایەنە ئیسلامیەكان وئەمریكا و شەڕی عێراق/ئەمریكا، كوردستان هەرێمێكی دوور و گرنگ نەبێت بۆ ئەمریكا، ئەوە لە دوای هاتنە كایەی ئەو هەردوو گۆڕانكاریە، هەر بستێک لە خاكی كوردستان و تاكە كەسێكی كورد گرنگیەكی گەورەیان هەیە بۆ ئەمریكا وسەركەوتنی بەسەر دوژمنەكانی.

ئەگەر ئێمەی كورد نەخۆشی دووربینیمان هەبێت، ئەمریكا دوو چاوی ساخ و دووربینی هەیە. بۆ ماوەی دە ساڵ ئەمریكا باشووری كوردستانی پاراست لە دەسەڵاتی سەددام، چونكە پێویستی بە كوردی باشووری كوردستانی هەبوو. ئەمریكا دەیزانی ئەگەر لەشكری توركیا بهێنتە باشووری كوردستان، ئەوە ئەو هەرێمەش دەبێتە دووزەخ و كوردیش دەبێتە بەرەیەكی تری دژ بە ئەمریكا، و ئیسلامیەكان دەتوانن كوردستانیش بەكاربێنن. هەر لە بەر ئەوە ئەمریكا نەی هێشت لەشكری توركیا بێتە باشووری كوردستان نەک لە بەر كورد. شەڕی سەرەكی ئەمریكا لەم سەردەمەدا لەگەڵ ئیسلامی توندڕیە وهەر لایەنێک ئامادەبێت هاوكاری ئەمریكا بكات لەو شەڕەدا، ئەمریكا هاوكاری دەكات. نەک تەنیا ئەمە بەڵكوو هەر وڵاتێک یان پارتێک ئامادەبێت بێلایەن بێت لەو شەڕەدا، ئەمریكا ئامادەیە دەستی لێ نەدات.

هەرچەندە بەر لە ئێستاش ئەمریكا هەوڵی دروستكردنی كەناڵێكی پەیوەندی لە گەڵ (پ. ك. ك) ی دابوو، و چەند نامەیەک لە سەركردایەكی (پ. ك. ك) بۆ لایەنی ئەمریكی بە ئاشكرا ڕەوانەكربوون، بەڵام ئەو كاتە هیچ ئەنجامێک نەبوو، چونكە بارودووخی هەرێم و بیروباوەڕی سیاسی (كادەک) ڕێگری دروستبوونی هەر پەیوەندیەكبوون.

لە وانەیە بتوانین بڵێین سەرەتای گرتن و ڕفاندنی سەركردەی (پ. ك. ك) لە كومپلۆیەكی نێونەتەوەییدا، سەرەتای ناچاری و خۆشكردنی زمینەبوو بۆ دان وسانی (پ. ك. ك) لەگەڵ ئەمریكا. هەر هیچ نەبێ بە مەبەستی لەسێدارەنەدانی ئۆجەلان لە لایەن توركیاوە. ئەم كارەش تەنیا بە ئەمریكا دەكرێت. هەندێ سەرچاوە بۆ ئەوە دەچوون كە ئەمریكا بەڵێنی لە توركیا وەرگرتبوو كە ئۆجەلان لە سێدارە نەدات بەر ئەوەی هاوكاری توركیا بكات لە گرتنی ئوجەلاندا.

بەر ئەوەی ئەمریكا دەست بە هێرشەكەی بكات بۆ سەر ڕژێمی سەددام، پلانی نەهێلانی ئەنسارو الاسلامی دابوو. ئەمریكا دەیویست ڕێكا شاخاویەكانی ژێر دەسەڵاتی (كادەک) لە گرۆپی ئەنسار بگرێت، بۆ ئەو مەبەستە بە شێوەیێک لە شێوەكان پێویستی بە هاوكاری (كادەک) ی هەبوو. ئەوەبۆ گرۆپی ئەنساری سەر بە مەلاكرێكار داوایان لە (كادەک) كرد ڕێگایان بدەنێ بێنە هەرێمەكەیان. بەڵام بەگوێرەی ڕۆداو و سەرچاوەی هەواڵ، (كادەک) ڕێگای نەدانێ بێن بۆ هەرێمەكەیان. هەر ئەو هەڵوێستەی (كادەک) بۆ چەكدارانی ئەنساری ناچار كرد بڕۆن بەرەو ئێران. ئەم هەڵوێستەی (كادەک) وەک هاوكاریەک دەژمێردێت بۆ ئەمریكا.

كاتێ ئەمریكا عێراقی داگیركرد، دەستكاری موجاهدینی خەڵقی ئێرانی نەكرد. سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕێكخراوە لە لیستی ڕێكخراوە تێرورستیەكانی ئەمریكادا بوو. موجاهدینی خەڵق كە لە ناو جەرگەی عێراقدا بوون. بەڵام لە بەر ئەوەی دژی ئێرانن ئەمریكا دەیەوێت بەكاریان بێنێت، ئەگەر ڕێكخراوەكە ئامادەبێت، سەرەڕای دژایەتی شیعەكانی عێراق و كورد بۆ ئەو ڕێكخراوە. واتە ئەمریكا ئەگەر بای

www.kurdistannet.org

عانەیەک بەرژەوەندی لە ڕێکخراوێکدا ببینێت، بەکاری دێنێ. هەرچەندە ناوەی (کادەک) یش لە ناو لیستی تیرۆری ئەمریکادایە، و ئەمریکا دۆستی تورکیایە، بەڵام پێویستی بە (کادەک) ی هەیە لە چەند لایەکەوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵی بیانی و تورکی، تاوکوو ئێستا چەندین کۆبۆنەوە گرێدراون لە نێوان (کادەک) و بەرپرسیارانی ئەمریکا لە عێراق بە مەبەستی لە یەکترتێگەیشتن و بەرنامەرێژی. کۆبۆنەوەکان بە چەند چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لە گەڵ سەرکردایەی (کادەک) دەستپێکران و دوای ئەوە ڕۆژنامەکان بڵاویانکردەوە کە لە شاری موسل ئوتێلی ئوپرەوی کۆبۆنەوەیەک بەستراوە، هەروەها لە شاری کەرکوک کۆبۆنەوەیەکی تر ڕۆیداوە. سەرچاوەکانی هەواڵ دەڵێن کەوا گرتنی ئەو ١١ سەربازەی تورکیا لە لایەن ئەمریکاوە لە شاری سلێمانی نەک تەنیا پەیوەندی بە پلانی کوشتنی پارێزگاری کەرکوکەوە هەبوە، بەڵکو پەیوەندی بە پلانێکی تری تورکیاوەش هەبووە بۆ گرتنی ئەندامی سەرکردایەتی (کادەک) جەمیل بایەک کە بڕیار بۆ لە شاری کەرکووک لە گەل ئەمریکیەکان کۆببتەوە.

هاوکات لە گەڵ هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، (کادەک) بڕیاری داوە لە سەرەتای مانگی نۆی ئەم ساڵ دەست بە شەڕی چەکداری بکاتەوە. و بۆ ئەو مەبەستە (کادەک) بەشێکی گەورە هێزەکانی خۆی ناردوە بۆ ناوەوەی باکووری کوردستان. تاوەکۆ ئێستا ئەمریکا هیچ هەڕەشەیەکی لە (کادەک) نەکردە، هەرێم بەجێیێڵن و تورکیاش هێزی خۆی لە باشووری کوردستان بەچێ هێشتوە.

پرسیارێکی هەرە گرنگ ئەوە، ئایە ئەمریکا پێویستی بە (کادەک) هەیە؟ و ئەگەر پێویستی پێی هەبێت، (کادەک) دەتوانێ چی بکات بۆ ئەمریکا؟ وئایە (کادەک) ئامادەیە هاوکاری ئەمریکا بکات و بەپێچەوانەوە؟ هەمووومان دەزانین هێزەکانی (کادەک) لە هەرێمێکی شاخاوی ناسکن و ئەو ناوچەیە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە ڕۆی سەربازی و ستراتیجی یەوە. ئەگەر (کادەک) تەنیا نەهێڵێت لایەنە ئیسلامیەکان بێنە ئەو ناوچەیە و زانیاری بداتە ئەمریکا دەربارەی چموچۆڵیان، ئەوە خزمەتێکی گەورەیە بۆ ئەمریکا کە بە هەزاران سەربازی ئەمریکی، ناکرێت. لە لایەکی ترەوە ئەمریکا دەزانێت کە (کادەک) ڕێکخراو و شانەی باشی هەیە لە ناو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ. هەر لەبەر ئەوەش دەبێنین لەم ڕۆژانەدا ئێران هێرش دەکاتە سەر (کادەک) لە باشووری کوردستان. (کادەک) یش پێویستی بە ئەمریکا هەیە. و دیارە ئێستا زیاتر لە هەموو دەمێکی تر دەیەوێت ئەو پەیوەندیە دروست بکات لە گەڵ ئەمریکا. (کادەک) دەیەوێت ئەمریکا ڕێگا بداتە (پ. چ. د. ک) کە باڵێ باشووری کوردستانی (کادەک) ە، چالاکی سیاسی خۆی لە باشووری کوردستان ئازادانە بە ڕێوە ببات. ئەو چالاکیەسیاسیەی تاوەکوو بەر لە هاتنی ئەمریکیەکان قەدەغە بوو. ئەوە جگە لە مانەوەی بنکەی سەربازی لە باشووری کوردستان و بوونی بە ژمارەیەک لە نەخشەی سیاسی و سەربازی ناوچەکە.

هێرش نەکردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگاکانی (کادەک) و نەچەککردنی لە باشووری کوردستان تاوەکوو ئێستا، ڕێگادان بە کردنەوەی بارەگای (پ. چ. د. ک) لە شاری مەخموری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و شاری کەرکوک وکۆبۆنەوەی بەرپرسانی ئەمریکی لەگەڵ کادرەکانی (کادەک) ، سیگناڵی پۆزەتێڤ و ئەرێنین لە لایەن ئەمریکاوە بۆ (کادەک) .

پرسیار و گومان لە وەدایە، ئایە تورکیا و ئێران کە ئیستا وەک دوو لایەنی ئیسلامی دژ بە ئەمریکا کاری هاوبەش دەکەن، دەتوانن بە ڕێگای ئۆجەلاوە ئەم هاوکاریە چاوەڕوانکراوە تێک بدەن؟ ئایە ئۆجەلان ڕێکەوتنێکی کەسی لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا مۆر دەکات و لە جیاتی هاوکاری، (کادەک) شەڕ لەگەڵ ئەمریکا بکات و بارودووخی باشووری کوردستان تێکبدات؟ ئایە (کادەک) لە پەیوندیەکی کاتی کورتخایەن دەگەڕێت لە پێناوی دەستکەوتی پارتایەتی بچووک؟ یان لە پەیوندیەکی ستراتیجی درێژخایەن دەگەڕێت؟

**و ئایە ئەمریکا ئامادەیە ئەو پەیوەندیە لە گەڵ (کادەک) ببەستێت؟ کۆمەڵێ پرسیارن ڕۆژگار وڵامیان دەداتەوە.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت